وەزارەتی پلاندانان دابەزینی ڕێژەی هەژاری بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو لەعێراق ڕادەگەیەنێت

ئەمڕۆ هەینی، وەزارەتی پلاندانان دابەزینی ڕێژەی هەژاری بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو ڕاگەیاند، هاوکات ئاماژەی بەوە کرد کە بەردەوام لە ئامادەکارییەکان بە ڕاگەیاندنی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی هەژاری ٢٠٢٦-٢٠٣٠.

عەبدولزەهرە هنداوی، وتەبێژی وەزارەت بەپێی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتەع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند: "لەمساڵدا (٢٠٢٥) ڕێژەکانی هەژاری لە عێراق دابەزینێکی ئاشکرایان بەخۆوە بینیوە، ئەوەش لە ئەنجامی زنجیرەیەک سیاسەت و ڕێکاری حکومی کە لە چوارچێوەی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی هەژاریدا جێبەجێ کراون.

هوونیشیکردەوە کە دوایین ڕووپێوی کە وەزارەتی پلاندانان لە ڕێگەی دەزگای ناوەندیی ئامارەوە ئەنجامی داوە، دابەزینی ڕێژەی هەژاری بە نزیکەی ١٧٪ دەرخستووە، دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٢دا ٢٣٪ بوو، ئەم پاشکێشەش بەهۆی ڕێکارە حکومییەکانەوە بووە لە چوارچێوەی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی هەژاری.

ئاماژەی بۆشدا کە ئەم دابەزینە لە ئەنجامی پاڵپشتیکردنی دەسیەی ئاسایشی خۆراک بووە لە ڕێگەی دابینکردنی سەبەتەی خۆراکی بە مادەکانی بەشخۆراک، فراوانکردنی بازنەی تەی پاراستنی کەمەایەتی، و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی بەهێزکردنی ئابووری لە ڕێگەی گەیینی ژمارەیەک لە سوودمەندان بە فەرمانبەر لە هەندێک دامەزراوەی دەوڵەتدا.

وتیشی: ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی هەژاری بریتی بوو لە پەدانی بەخشینی دارایی (مەنحە) بەو خێزانانەی کە منداڵیان لە قوتابخانەکان هەیە بە ڕێگریکردن لە وازهێنان و مسۆگەرکردنی بەردەوامبوونیان لە خوێندن، جگە لە دابینکردنی پاڵپشتی و ئاسانکاریی تەندروستی بە چینە هەژارەکان و تەواوکردنی پێژەکانی نەخشخانە لە ناوچە هەرە هەژارەکان.

ئاماژەی بۆش کرد کە سندوقی پاڵپشتیی ناوچە هەرە هەژارەکان لە ساڵانی ڕابردوودا پێژەی خزمەتگوزاریی لە ژمارەیەک پارەزگا جێبەجێ کردووە، هەروەها ڕێی سندوقی کەمەایەتی بە گەشەپەدان سەر بە وەزارەتی پلاندانان، کە سەرکەوتوو بووە لە جێبەجێکردنی سەدان پێژە لە زیاتر لە ٥٠٠ گوند لە سەرانسەری وڵات، کە بریتی بوون لە دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی، ڕاکێشانی تەی ئاو و کارەبا و قیرتاوکردنی ڕێگا سەرەکییەکان.

جەختیشی کردەوە کە وەزارەتی پلاندانان بەردەوام لە ئامادەکارییەکانی بە ڕاگەیاندنی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی هەژاری بە ساڵانی ٢٠٢٦-٢٠٣٠، کە بەردەوام دەبێت لە پەیەوکردنی ئەو هەنگاوانەی لە دوو ستراتیژییەکەی پێشوودا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، بە ئامانجی گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانییەکان لە کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و بەهێزکردنی گەشەپەدانی بەردەوام